www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 1:12 24-2-2007

# نەبەز گۆران لە بەرامبەر ئەو فیتنەیەی دروستی کرد، لە کۆمپانیای وشە وەردەگیرێت!!!!

ئەو کۆڕەی کە رێکخراوی هاریکاریو گەشەپێدانی دیموکراسی لە کوردستان بۆ برای بەڕێز کاك سەرۆ قادر ی بەست، ئێمەش لەوانە بووین کە داوەتکرابووین، داوەتکردنەکە هەم بە کارتی فەرمی رێکخراوەکە بوو، هەم لە لایەن بەرپرسی رێکخراوەکەشەوە، بە تەلەفۆن داوامان لی کرابوو کە ئامادەبین، ئەوەبوو ئێمەش ئامادەی کۆڕەکە بووین.

راستییەکەی ئێمە کە چووینە ئۆتێل هەورامان، کە هێشتا کاتی پێشکەشکردنی کۆڕەکە زیاتر لە (20) دەقیقەی مابوو، بینیمان نەبەز و دوو سێ گەنجی تر لە هۆڵەکە دانیشتبوون، وەك بڵێی پێشتر خۆیان بۆی ئامادە کردبێ، لەم بارەیەوە هەر بۆ نموونە قسەیەکی سالانی سەرەتای راپەڕین دەگێڕمەوە، ئەو کات لە سەرەتای نەوەدەکان قسەی زۆر لەسەر چەپ دەکرا، رۆژێك لەبەردەم شەقامی چەپەکان (شەقامی چەپەکان رێك شەقامی بازاڕی سیروان بوو لە هەولێر) برادەرێك وتی سبەی کۆڕم هەیە، برادەرێك کە ئێستا لە هەندەرانە و هەمووشمان دەیناسین، بێ ئەوەی بزانێ کۆڕەکە لەسەر چییە، وتی رەخنەم هەیەو قسە دەکەم لەسەرت، ئێمەش تێر پێی پێکەنین.

دەکرێ بڵێین نەبەزیش کە زانی کاك سەرۆ کۆڕی هەیە یەکسەر بڕیاری دا کەش و هەوای کۆڕەکە تێکبدات. ئەگینا نەبەز قسەی بە سەرۆ قادر وت و سەرۆش تەحەمولی کرد، ئەمەش قەیناکا، نەبەزەفەنی هاتووە بە نویژی نیوەڕۆ کل لە چاوان دەدزێ، ئاخر ئەگەر ئێمە لەوی نەبووینایە رەنگە بمانوتبایە دیارە سەرۆ نەبەزی گرتووە، دەنا نەبەز چۆن قسەی وادەکات، بە راستی سەیرە، ئاخر درۆش جورئەتی دەوی، درۆش هونەری دەوی، باشە کاك نەبەز تۆ کەدەڵێیت سەرۆ قادر منی گرت، لەبیرت چوو نزیکەی (40) چل کەس دانیشتبوون لە هۆڵەکە؟؟!! لەبیرت چوو ئەگەر سەرۆ فەرمانی گرتنت دەربکات، پاسەوانەکانی سەرۆ چۆن دەتوانن فەرمانەکە وەکو خۆی جێبەجێ نەکەن؟؟!! لە بیرت چوو کاتێ تۆ هەڵسایتەوەو قسەی زۆر ناشیرنت بە سەرۆ وت کەچی سەرۆ نەك هەڵنەسایەوە، بەڵکو هەر لە شوێنی خۆیشی نەجوولا؟!!

بە دڵنیاییەوە دەیڵێین ئەوەی درۆ بکات، دزیش دەکات، بۆی هەڵکەوێ نیشتمانیش دەفرۆشێت، ئەوەی درۆ بکات ئایندەی زۆر ون و لێڵە.

ئینجا لە ئەمانەش قەباحەت تر لە کوردستان پۆست نووسیویەتی، من (واتە نەبەزی فس فس پاڵەوان!!) بە تاقی تەنیا لە نێو شاری هەولێر دەسووڕێمەوە ئەگەر ئازای وەرە بمگرە، خوێنەری بەڕێز تۆ لەم دێڕە ورد بەرەوە، بانگەشە بۆ کاك سەرۆ دەکات و دەڵێت وەرە بمگرە، بەڵام سەرۆ چ لە کاتی پێشمەرگایەتی و چ لە دوای راپەڕینیش جی پەنجەی دیار بووە لە کۆشش و خەباتی مۆدرنانەی بۆ هێنەدی رۆژێکی ئاوا ئازاد، بۆیە سەرۆ کە بەشداری گەرمی لە دروستکردنی رۆژێکی وادا هەبووە، قەت بڕوای بە توندو تیژی نییەو، هەلەی وا ناکات دیموکراسی پێشێل بکات، بەڵکو یاسا هەیە دەتوانێ پەنای بباتە بەر، ئەو یاسایەی کە نەبەزیش و هەر تاکێکی ئەم نیشتمانە دەتوانن پەنای بەرنە بەر.

لێرەوە داوا لە رێکخراوی هاریکاری دەکەین، روونکردنەوەی درووستی خۆی هەبێت، داواش لەو خەڵکە دەکەین کە داوەت کرابوون، با بەرامبەر راستییەکان، چاو لێك نەنێن و تا نەبەزو ئەمسالەکانی نەبەزیش لە بەردەمی ئێمە درۆی شاخدار هەڵنەبەستن.

بە پێی ئەو زانیارییانەی بە ئێمە گەیشتووە، نەبەز گۆران ئەم کارەی لە بەرامبەر ئەوە کردووە، تا لە کۆمپانیای وشە وەربگیرێت!!!! ئەمەش هیچ سەیر نییە، چونکە پێشتر نموونەی کوردستان پۆست و هاولاتیمان دیوە، چۆن رەفتاریان کردووە.

شەش کەس لە ئامادەبوانی ناو کۆڕەکە
2007/2/22
هەولێر

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.